www.kurdistannet.org
1-10-2006 6:32بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# نەوەیەكی ڕەخنەگر لەدەسەڵات بەڕێوەیە ... قادر نادر

2006/09/22

ئەگەر بەراوردێكی چەند ساڵ لەمەو بەرو ئێستای كوردستان بكەین، زۆر بەڕوونی هەست بەوە دەكرێت، ڕۆژانە بەرەی ئازادیخوازی لە كوردستان تەكانی گەورە بەخۆیەوە دەبینی، بەتایبەتی هەندێ ڕۆژنامە و ماڵپەڕی كوردی، ڕۆڵێكی گرنگی دەبینێ لەو بوورەدا، كە لە شوێن پارتی ئۆپزسیۆن لەكوردستاندا، ڕۆژانە دیواری ترسی دەسەڵات دەشكێنێ، ئەمەش دیاردەیەكی زۆر دڵخۆشكەرە.
ئەگەر بەوردی سەیر بكەین زۆربەی ئەو نووسەرو ڕۆژنامە و ماڵپەرەكوردیانەی كە خەبات دەكەن تا نیشتمانەكەیان زیاتر بەرەو ڕێچكەی دیكتاتۆریەت نەچێت، ئەو دەنگە گەنجانەن، كە دوای ڕاپەڕین سەریان هەڵداوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش بەرەو سوپایەكی گەورەی داكۆكیكەر لە ئازادی سیاسی خەڵكی كوردستان دەچێت.
هەموومان لەیادمانە هەر چەند ساڵێك لەمەوبەر پارتی ویەكێتی، بەئارەزوی خۆیان سوپای داگیركەریان دەهێنا، تیرۆری خەلكیان دەكرد، ئازادیخوازانیان دەخستە زیندانەوە، نارەزایەتیەكانی جەماوەری گەیشتبووە ئاستێكی زۆر نزم، رەخنەی ڕۆژنامەكان لەچوارچێوەی گلەیی دەخولایەوە....
بەڵام ئێستا كوردستانەكەی ئێمە جیهانێكی ترە، كە نەک هێنانی سوپای داگیركەر باجێكی قورسە بۆ هەر پارتێك، بەڵكو هەر پارت و كەسایەتیەكیش پەیوەندی ئاشكرا ببێت لەگەڵ داگیركەران، ڕسوا دەبێت لە نێو جەماوەردا. باشترین نمونەش بڵاو كردنەوەی ئەم فایلانە یە كە ڕۆژنامەی ئاوێنەو هاوڵاتی بڵاویان كردۆتەوە، كە كاردانەوەیەكی باشی لە شەقامی كوردی دژیان دروست كردووە؟
تیرۆری خەڵكی ئازادیخواز نماوە، یان هەستی پێ ناكرێت، هەندێ ڕۆژنامە بوێرانە ڕسوای ئەو بەرپرسە كوردانە دەكەن، كە كاری دزێوو گەندەڵی دژ بە خەڵكی كوردستان دەكەن، كە زۆر جار بابەت و دوكۆمێنتیان لەسەر هەندێ بەرپرس بڵاوكردۆتەوە، ئەگەر چەند ساڵێك لەمەوبەر بوایە گرتن و تیرۆر ڕوبەڕوویان دەبۆوە. ئەمە جگەلەوەی ڕۆژانە نارەزایەتی جەماوەری لە خۆپیشاندان و مانگرتن... بوونی هەیە.
ڕاستە كوردانی هەندەران وئەو ماڵپەرەكوردیانەی لەژێر دەستیانە، ڕۆڵی باڵایان بینیوەلە فشار خستنە سەر دەسەڵاتی كوردی و گەورەترین پاڵپشتی ئەو دەنگانەشن لە نیشتماندا، كە ڕوبەڕوی فشاری دەسەڵاتی كوردی دەبنەوە. بەڵام دەبێت دان بەوەدابنێین، بوێریە ڕاستەقینەكە بۆ ئەو ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنوسانە دەگەڕێتەوە، كەلەنێو خودی نیشتماندا، بە ڕەخنەی جۆراو جۆر فشار دەخەنە سەر دەسەڵاتی كوردیەوە، چونكە ئەو بوارەی بۆ كوردانی هەندەران ڕەخساوە، بەهۆی ئەو ڕەگەزنامە ئەوروپیانەی هە مانە، وە بوونمان لە نێو چەندین دەزگای سیاسی و ڕێكخراوەیی مافی مرۆڤدا، وە ئە و ئازادیە سیاسیەی لە هەندەران تیا دەژین و.... هەموو ئەمانە وای كردوە كە ئازاردانی نوسەرێكی هەندەران وەک نوسەرێكی نیشتمان، ئەو باجە قورسە نەبێت بۆ دەسەلاتی كوردی، یان هەرچیەكی بكە ین دەسەلاتی كوردی هەردەتوانێت ئاخ و جگارەو گلاسێك قۆدگا لەداخمان ئاودیو بكات. بەلام دەبێت لێرەشدا ئەوە بڵێین نوسەرانی نیشتمان رەخنە دەگرن، بەڵام نوسەرانی هەندەران وەک هێزێكی سیاسی كاریگەر لەبەرامبەر ئەم 2 هێزە شوێن پێیەكی گرنگیان هەیە، كەناكرێت لەمەودوا دەسەڵاتی كوردی ڕەچاوی نەكات.
كەسەرەتا گەورەكەی لەدادگایی كردنی تاوانبار نزار خەزرەجی دەستی پێكردو توانرا ئەو پەیامە بەدەسەڵاتی كوردی بگەیەنرێت، كە خەڵك چیتر بڕیاری سیاسی خۆی تەسلیم بەئەقلیەتی ئێوە ناكات؟ وەگەورەترین سەركەوتنیشی ئازادكردنی د كەمالی سەید قادر بوو، كە دوای ئەوەی بۆماوەی چەندین

مانگ کەمپین، خۆپیشاندان، پەیوەندی بەرێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و میدیاو پەرلەمانی ئەوروپییەوە کرد، تا لەژێر ئەم فشارانەدا ئازاد کرا، کەدەبێت لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ئەگەرچی زۆربەی ئەوانەی داکۆکیان لەکەمالی سەید قادر کرد، لەسەر ووشەکانی نوسینەکەی نەبوو، ئەوەندەی لەسەر شێوازی گرتن و مامەلە کردن بوو لەگەڵی.

سەرجەم ئەو دەنگە ڕەخنانەی دەگیرێت لە دەسە ڵاتی کوردی لە نیشتمان و هەندەراندا، ئەوەمان پێدەڵێت، کە نەوەیەکی نوێ ی گەنجانەی کوردستانی بەرێوەیە، کە ئامادە نیە لەمە زیاتر بێ دەنگ بێت لە سەرکردایەتی سیاسی کورد، کە بەئارەزوی خۆی یاری بەچارەنوسی سیاسی دەکات.

ئاخر باهەمومان بیربکەینەوە هەر چەند ساڵێک لەمەوبەر بوو، نارەزایەتی خەڵک لە فسکە فسکی نێو خێزان _ مالان _ کۆڵان_ دەخولایەوە، کە ئێستا وا هاتۆتە سەر شەقام، کەکەس نازانێت ئەگەر دەسەلاتی کوردی خۆی نەگۆڕێت و ڕێز لەهەستی خەڵک نەگرێت، تاساڵێکی تر، ئەم دەنگانە بە کوێ دەگات؟.

.